# وێنەی "دوعا" بە مناڵی لەگەڵ دوا نامەیدا ؟

**فۆتۆجۆرناڵ / ئاسۆعەبدوللەتیف**

**خۆشم نەمزانی ئەم حەڤدە ساڵە چۆن رۆشت و چۆن وا بەخێرایی گەورە بووم، دوعام ناو بوو، ناشزانم کێ ناوی نام دوعا، ئاخر دوعا بۆچی؟ قەدەری جوانی خۆم بوو بەڵام بەخوا دوعام لەکەس نەکرد، چەند بەئازاربوو ئەو بەردانەی سەر جەستەم، ئەوەندەش تیژ بوون چاوی بەردهاوێژەکان، چەند نەرم بوو مەرگم، چەند هێواش بوو قیژەم، چەند بێدەنگ بوو باوکم، چەند سوور بوو خوێنم، بەڵام روناك بوو بیرم و ئاسودە بوو زیکرم، خوای میهرەبانتان لەگەڵ... ئەمە وێنەی کیژۆڵەیەکی چاو بەرۆندکی کوردەواریە و وەك بیەوێت شتێك بۆ ئازارەکانی دوعا بڵێ و هەر ئەڵێی رۆحی دوعا خۆیەتی، دڵنیام گەر دوعا بمایە بەم رۆحە مناڵیەوە ئەیگوت شەرم لە کچبوونم ئەکەم کەلەبەردەم ئەو جۆرە باوکانەدا گەورەبم، تکایە حەزناکەم گەورە بم تا بەردباران نەکرێم، تکایە بەردم تێ مەگرن با رقیش لە بەردی هەڵمەقۆکانم هەڵنەگرم،حەز ئەکەم مناڵ بم مناڵ، تا بەربەریەتی خێڵ و شەیتەنەت و تاریکی نەبینم.**

